ڕۆژهەڵات

نۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

No .(51) Second half of December 2005

دەورەی دووەەم، ژمارە (٥١). نیوەی دووەمی سەرماوەزی ١٣٨٤

کورد بووە لیستی دووەەم لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا

بەگوێرەی هەواڵەکان، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٥ی دێسامبری ٥-٢دا توانیویە پلەی دووەەم لە پارلەمانی عێراقدا بۆخۆی دەستەبەر بکات. بەگوێرەی ئەو هەواڵانە، لیستی ئێتتیلافی شیعە زۆرترین دەنگی هێناوەتەوە. جێی ئاماژەیە کە ڕێژەی بەشداریی خەڵکی عێراق لەو هەڵبژاردنەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەرەوە بووە. هەروەها بۆ یەکەم جار لە دوای ڕووخانی سەدام، زۆرینەی عەرەبی سوننیش لەو هەڵبژاردنەدا بەشداریان کرد. پارلەمانی عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێ و مافی دەستکاری کردنی ٥٢ مادەی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەی هەیە. ئەنجامە سەرەتاییەکان دەری دەخەن کە لە کەرکووک زیاتر لە سەتی پەنجای خەڵک دەنگیان بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان داوە. یەکێک لە هیواکانی کوردەکان ئەوەیە کە مادەی ٥٨ کە لە دەستووری عێراقدا پەسند کراوە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت. شایانی باسە کە یەکگرتووی ئیسلامی و چەند حیزبی بچووک لە هەرێمی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانیدا نەبوون و لیستی جیاوازیان پێشکەش کردبوو.

بانگەوازی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ

پشتیوانی ویارمەتیدانی پرۆژەی "تەلەڤیزیۆنی ڕۆژهەڵات"

خەڵکی ئازادیخواز وتێکۆشەری کوردستان!

کەسایەتی وهەڵسووڕاوانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات!

چالاکانی سیاسی وفەرهەنگی!

هاوڕێیانی کۆمەڵە، دۆستان ودڵسۆزانی شۆڕشی کوردستان!

بوونی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی ئاسمانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەمووان هەستی پێدەکەن و لەسەری دەدوێن. زیاتر لە دووساڵ هەوڵ دان بۆئامادەکردنی پێویستییەکانی دامەزرانی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایەتی، ئێستا خەریکە لە ئەنجام نزیک دەبێتەوە. ئەمڕۆ ئیمکاناتی سەرەتایی وکارە یاساییەکانمان گەیاندۆتە قۆناغێك کە بتوانین بڕیاری جێبەجێ کردنی ئەوخواستە فراوانە جەماوەرییە بدەین.

تەلەڤیزیۆنی ڕۆژهەڵات بە تەنیا هەر دەنگی حیزبێك نییە، بەڵکو هەوڵ دەدا ببێتە دەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و لەسەر هاوپشتیی خەباتکارانەی خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی پێداگری بکات. ڕۆژهەڵات تی.ڤی تێدەکۆشێ پەرەپێدەری دێمۆکراسی، پێشکەوتنخوازی ونوێخوازی و ڕۆشنبیریی ڕەسەن وهەروەها دەنگی دادپەروەری و داکۆکی لەمافەکانی کۆمەڵانی چەوساوەو بێبەشی کوردستان ودەنگ و ڕەنگی یەکسانیی ژنان بێ لە کوردستاندا. ڕۆژهەڵات تی.ڤی هەوڵ دەدا ببێتە دەنگی هەموو ئازادیخوازان و دڵسۆزانی کوردستان و میوان وهاودەمی هەموو بنەماڵەیەکی کورد.

شاراوە نییە کە بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی ئاوەها، تەنیا بەئیمکاناتی ماددی و مرۆیی کۆمەڵە مەیسەر نابێ. بۆیە ئێمە وەك هەمیشە پشت ئەستوور بەدڵسۆزی وپشتیوانی ئێوەین و بەبێ وهاو دڵگەرمییەك، بڕیاردان لە مبارەیەوە هاسان نەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە حیسابێکی گەورەی لە سەر پشتیوانیی ئێوە کردووە وداواتان لێدەکات بەو پەڕی توانایی خۆتان وبە هەر شێوەیەك کە بۆتان دەگونجێ یارمەتیدەری ماڵی و مەعنەوی "ڕۆژهەڵات تی.ڤی" بن و لە لای دۆست ونآشنای خۆشتان بینە نوێنەرمان تا بە هەموومان ئەم ئەرکە بگەیەنینە ئەنجام.

پێویستە بڵێین کە ئێوە بۆ هەر یارمەتییەکی ماڵی ڕەسیدی ڕەسمی وەردەگرن و هەرکات و بە هەر هۆیەك ئەم پرۆژە سەرنەگرێ هەموو پووڵەکە دەگەڕێتەوە بۆخاوەنەکەی. ئەوانەی لە ناوەوەی کوردستان یارمەتی دەدەن یان ئەوکەسانەی پێیان خۆش نییە ناویان ئاشکرا بێت، دەتوانن ناسناوێك بۆخۆیان دانێن. ئێمە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەمووان لەگەیشتنی یارمەتییەکە ئاگادار دەکەینەوە. لە هەرکام لە وڵاتانی دەرەوە دەتوانن پێوەندی بە یەکێك لەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن یان ژمارەی حیسابی پۆستی بانکی وەرگرن یان بەشێوەی تر بتوانن یارمەتییەکانتان بگەیەننە دەست ئێمە.

ژمارە تەلەفۆنەکان لە دەرەوەی وڵات:

–ناوەندی ئورووپا:(هولەند، بریتانیا، ئاڵمان، سویس و هتد...)

٠٠٣١٦١٠١٦٩١٢٠

٠٠٤٩١٦٢٦٥٢٨٠٠٣

٠٠٤١٧٨٧٣٤٣٢٥٠

–سکاندیناڤی:(سوید، نورویژ، فینلاند و دانمارك):

٠٠٤٦٣١٣٣٠٨٠٤٨

٠٠٤٦٧٣٣٧٥٥٥٧٩٣

بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد، پێویستی بە پشتیوانی کردنە

ل٧

هەناسەی ئازادی

ل٤

٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانیی...

ل٦

هەواڵەکانی کوردستان و ئێران و جیهان

ل٣

چەند ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە

ل٤

بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵە
کۆبوونەوەی کۆنگرەی گەلانی ئێرانی فیدراڵ لە لەندەن بەڕێوە چوو



کۆبوونەوەی کۆنگرەی گەلانی ئێرانی فیدراڵ لە ڕۆژی ٢٦ی نۆڤامبری ئەمساڵ لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە ڕۆژێکی خایاند، بۆ هەڵسەنگاندنی کاروباری هەیئەتی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە، تاوتوێ کردنی بارودۆخی نەتەوەکانی بندەستی ئێران و داڕشتنی سیاسەتی گونجاو لە پێناو بردنە پێشی ئامانجەکان تەرخان کرابوو و لە کەش و هەوایەکی سیاسی و دۆستانەدا بەڕێوە چوو.

ڕێکخراوەگەلی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر پێویستیی کاری ڕاگەیاندنی چڕوپڕتر بۆ تێگەیاندنی ڕای گشتیی جیهان سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکان لە ئێران، پێداگرییان کرد. هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە کراوە کە دەبێ هەوڵێکی زۆرتر بۆ ناساندنی بیرۆکەی فیدراڵیزم لە ئێران و تێگەیاندنی ئەهمیەتی فیدراڵیزم بۆ دێمۆکراتیزە کردنی وڵات بدرێت و پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ لایەنگرانی بیری فیدراڵیزم لە ئێران ساز بکرێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك حیزب و ڕێکخراوی کورد، بەلووچ، ئازەربایجانی، عەرەب و تورکمەن بەشدار بوون.

نوێنەرانی کۆمەڵە لەو کۆبوونەوەیەدا بریتی بوون لە هاوڕێیان ناهیدی بەهمەنی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و، زاگرۆس خوسرەوی، ئەندامی کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناوی. نوێنەرانی کۆمەڵە لەو کۆبوونەوەیەدا نەزەر و دیدی کۆمەڵەیان لەسەر ئەو مەسەلانەی لە ئارادا بوون خستە ڕوو.

بە جێگەی سەروتار

وتاری هاوڕێ "عەبدوڵڵای موهتەدی" لە "کۆنفرانسی سەربەخۆیی کوردستان"

(هەولێر و سلێمانی، ١٠ و ١٣ی نۆڤامبری ٢٠٠٥)

کورد نەتەوەیەکی دابەش کراو و وڵاتێکی داگیرکراوە، ئەمە ئەو واقعییەتەیە کە ئەمڕۆ ئێمەی لێرە لەم کۆنفرانسەدا کۆ کردۆتەوە. لێکدانەوەی مێژووی ئەم بەسەرهاتەی گەلی کورد و هۆکارەکان و ئاکامەکانی، لەجێی خۆیدا پێویستە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا و لەم وتە کورتەدا دەمەوێ پێشکەشتانی بکەم، لە دوو تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان ئاماژەیەکە بە پەیوەندی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەگەڵ کێشەی دێمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و تەوەرەی دووهەمیش ئاماژەیەکە بە بارودۆخی کوردستانی ئێران و پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بە سەر کوردستاندا گرتووە، لە ڕۆربەی زۆری ئەو سەردەمەدا دەوڵەتی دیکتاتۆری و کۆنەپارێز و دژی دێمۆکراسی بوون. بە تووڵی ئەو سەردەمەش و لە ڕۆربەی زۆری کاتەکاندا، کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، هێزی دژی دیکتاتۆری و بە حوکمی تەبیعەت و هەڵکەوتەی جوغرافیایی و سیاسی و مێژوویی خۆی، هێزی ماف خوازی، هێزی لایەنگری گۆڕان، هێزی لایەنگری بۆ پێشەوە چوون بوون. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد قەت هێزی ڕاوەستان، هێزی پاراستنی ستاتوس کۆئۆ نەبوون، بەڵکوو هێزی گۆڕان و بەرەو پێش بردن، هێزی هەڵتەکاندنی دیکتاتۆرییەکان، هێزی تێکدانی قەوارە سیاسییە ناڕەوا و ستەمکارانەکان بوون. هەر بۆیەش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە سەرتاسەری مێژووی خۆی، هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەدەی بیستەم و تا ئێستا لە هاوبەرژەوەند و هاوتەریبی ڕەوتە دێمۆکراتیك و پێشکەوتنخوازە ڕەسەنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون.

تا ئەوکاتەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە کۆنەپارێز و ستەمکار و دژی دێمۆکراتیکەکان لەم ناوچەیەدا زاڵ بوون و دەستی باڵایان هەبووە ، کورد و بزووتنەوەکەی لە محاق و کزی دا بوون و بەزەبری ئاگر و ئاسن بێدەنگ و کپ کراون. بەڵام ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم گۆڕانێکی گەورە دایە و بە هەموو پێشینەی شارستانییەتی گەورەی خۆی، بە هەموو سەروەت و سامانی سروشتی و ئینسانییەکەی، پێویستی بە گۆڕان و بە دێمۆکراتیزە کردنێکی قووڵ و ڕەسەن هەیە. ئەم پێویستییە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر لەبەر فشاری دەرەکی، بەڵکوو زۆر زیاتر لەوە، پێویستییەکی قووڵ و حاشاهەڵنەگری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەم ناوچە خۆیەتی. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیهەوێ لەو بازنەی دواکەوتوویی و هەژاری و بێماڤی و بندەستی و دیکتاتۆری لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا ڕزگاری بێت و پێ بنێتە سەردەمی پێشکەوتن و نوێگەری و گەشە کردنی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەم دێمۆکراتیزاسیۆنە بە سەرکەوتووانە تێپەڕ بکات.

کورد سەرجەم و لە هەموو پارچەکانیدا بەشدارێکی کاریگەر و بگرە هۆکارێکی کاریگەری ئەم ئاڵ و گۆڕە دێمۆکراتیکەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی دەبێ خۆی لە گەڵ ئەم ڕەوتی دێمۆکراتیزە کردنە بگونجێنێ، دەبێ بە بەشداریی گەرم و گوڕی خۆی دەوڵەمەندی بکا و لە هەمانحاڵدا لەو پرۆسەیەدا بانگەوازی مافەکانی خۆی لەم پرۆسەیە و لەم ئەزموونە دا بکات. بەواتایەکی تر، داهاتووی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان لەگەڵ داهاتووی دێمۆکراسی لەم ناوچەیەدا، لەگەڵ هەڵپێچانی ڕژیمە دێکتاتۆرییەکان، پێکەوە گرێ دراون، هەر وەکوو ئەزموونی عێراق و تەجروبەی کوردستانی باشوور ئیسباتی کرد.

بەڕێزان! وتەیەکیش لە بارەی کوردستانی ئێرانەوە. کوردستانی ئێران لە هەموو سەدەی بیستەمی خۆی و تا ئێستاش کە سەرەتای هەزارەی سێهەمە، بە زۆر قۆناغی دژوار و ئەستەمدا تێپەڕیوە و زۆر بزووتنەوەی گەورە و پڕ لە شانازی کۆمەڵایەتی و سیاسی...

ل٢